بەمەبەستی وەدەستهێنانی مافە ڕەوا زەوتکراوەکانی سەرجەم هاوڵاتیانی هەرێم، ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٢٥) دووانزە مامۆستاو فەرمانبەر لەبەردەم نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری سلێمانی، مانگرتنیان لە خواردن ڕاگەیاند، لە یادداشتێکدا کە ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکانیان کردووە، داواکارییەکانیان خستۆتە ڕوو. ئەو مانگرتنە کە شێوە خەباتێکی مەدەنی سەردەمیانەیە دوور لە توندوتیژی، مانگرتووان پێیان وایە لە ئێستادا هیچ دەرەتانێك نەماوە هەر بۆیە ئەم شێوازەیان وەك میکانیزمێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو بێدادی و نابەرابەرییە گرتۆتە بەر کە ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ مەرگێکی دڵخوازانە لەپێناو هێنانەدی داواکانیان.

ئێمە وەك ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە سەرتاسەری هەرێم، سەرباری ئەوەی پشتگیری خۆمان بۆ داواکارییە ڕەواکانی مانگرتووەکان دەردەبڕین، ڕووی داواکاریمان دەکەینە لایەنە پەیوەندیدارەکانی: حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی عیراقی فیدراڵ، نەتەوە یەکگرتووەکان و کونسولخانەی سەرجەم ئەو وڵاتانەی نوێنەرایەتیان لە هەرێمدا هەیە، کە بە زووترین کات بەدەم داواکارییەکانیانەوە بچن و وەڵامیان بدەنەوە، لەکاتێکدا ئەمڕۆ شەش ڕۆژە مانگرتنەکە بەردەوامە و ڕەوشی تەندروستی بەشێك لە مانگرتووەکان بەرەو خراپی دەچێت، پاراستنی گیانیان دەخەینە ئەستۆی ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەوە. چونکە ئەوەی دەیبینین ئەم دەسەڵاتە هەروەکو لە ڕابردوودا بێباك و خەمسارد بووە، لە ئێستاشدا دوای شەش ڕۆژ لە مانگرتنی مامۆستایان و فەرمانبەراندا نە هیچ هەڵوێستێکی هەبووە و نە سەردانی کردوون و نە بەیەك تاقە وشەش وەڵامی نەداونەتەوە.

لە هەمان کاتدا، بۆ هێنانەدی داوا ڕەواکانی مانگرتووان و بەجەماوەری کردنی ئەم جولانەوە مەدەنییەی هاتۆتە کایەوە، داوا لە مامۆستایان، فەرمانبەران، پزیشکان، پارێزەران، کرێکاران، پێشمەرگە دێرینەکان، خوێندکاران و گەنجان و سەرجەم چین و توێژەکانی شاری سلێمانی و شارەکانی تر دەکەین بەدەم داواکارییەکانیانەوە بچن و سەردانی مانگرتووان بکەن و پشتگیرییان لێ بکەن. لەهەمان کاتدا داواکارین ئەم خەباتە مەدەنییە هاوشێوەی مانگرتنەکانی ساڵی ١٩٩١ تەنها لە سلێمانیدا قەتیس نەبێت و بپەڕێتەوە بۆ سەرجەم شار و شارۆچکەکانی تری هەرێمی کوردستان، مانگرتن دەست پێبکەن و چین و توێژەکانی تریش پستگیریان لیبکەن، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەو دروستکردنی فشاری مەدەنی بەرفراوان و دەرچوون لەو قەیران گەلەی هەرێمی کوردستان تێی کەوتووە، بۆ ئەوەی لەو سەردەمی نائومێدییەدا ئومێد بۆ هاوڵاتیان بگەڕێنریتەوە و سەرلەنوێ ئینتیما لای تاکی کوردستانی دروست بێتەوە و یەکڕیزی جەماوەریی هاوڵاتیانی هەرێم بێتە کایەوە، پێویستە هەموو شێوازێکی خەباتی مەدەنی بگیرێتە بەر.

لەگەڵ ڕێزدا

٢ شوباتی ٢٠٢٥

*لیستی ناوی ڕێکخراوەکان:*

١-دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان.(PAY)
٢-ڕێکخراوی هەڵوێست.
٣-ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان.(WOLA)
٤-ڕێکخراوی ئازادبوون.
٥- ڕێکخراوی پایتەختی ئاشتی.
٦-ڕێکخراوی سروشتی کوردستان.
٧- ڕێکخراوی چاوی زانکۆ.(CZO)
٨- ڕێکخراوی بە ڕانان بۆهاوکاری مرۆیی.
٩- پەیمانگەی پەرەپێدانی یاسایی (ILDK).
١٠-پەیمانگەی پلانی ستراتیجی بۆ پرسە دبلۆماسییەکان.
١١- ڕێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی (STOP).

١٢-دامەزراوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکان.
١٣-رێکخراوی لێکۆڵینەوە و گەشەپێدان.
١٤-رێکخراوی سکالا بۆ پرسە کۆمەلایەتییەکان.
١٥- رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان.
١٦-رێکخراوی نەوەی دادپەروەر بۆ مافی مرۆڤ.
١٧- ڕێکخراوی نور بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ.
١٩- پلاتفۆرمی کوردستان بۆ پرسە نیشتیمانییەکان.
٢٠- رێکخراوی دابین بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی ومافی مرۆڤ.
٢١- سەنتەری گەشەپێدانی لاوان.
٢٢- تۆری ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە.
٢٣- رێکخراوی ئایدیا بۆ دیموکراسی و هۆشیاری کۆمەڵگە
٢٤- ڕێکخراوی خەڵك بۆ گەشەپێدان (PDO)
٢٥- هاوپەیمانی ١٨٨ – سلێمانی
٢٦- تۆری ٨ مارس
٢٧- ئەکادیمایی ئینگلیزی کوردی بۆ پەروەردە و راهێنان
٢٨-رێکخراوی سکۆلەر بۆ پەروەردە.
٢٩- رێکخراوی گەشەپێدانی ئابووری کوردستان.
٣٠- هاوپەیمانی شەفافیەت و لێپرسینەوە.
٣١-تۆری هەماهەنگی رێکخراوە ناحوکمیەکان.
٣٢- ریکخراوی ئاماژە بۆ گەشەپیدانی مرۆیی.
٣٣- رێکخراوی راگەیاندن و روناکبیری ژنان.
٣٤-رێکخراوی هۆشیاریی لاوان.
٣٥-ڕێکخراوی شلێر بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی.
٣٦-رێکخراوی رۆنیا بۆ هۆشیار تەندروستی.
٣٧-تۆری هاوپەیمانی رێکخراوە ناحکومیەکان.
٣٨-ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان.
٣٩-رێکخراوی شانە پلەس بۆ چاودێری تەندروستی.
٤٠-ڕێکخراوی ماڵی خەونەکان.
٤١-رێکخراوی میدیا.
٤٢-رێکخراوی چەمك بۆ چاکسازی و بنیاتنان.
٤٣-رێکخراوی شنەبای خەڵك.
٤٤-رێکخراوی ئاوێزان بۆ راهێنان و هۆشیاری کۆمەلایەتی.
٤٥-رێکخراوی ئاڵای سپی بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە.
٤٦-رێکخراوی شاین بۆ زانست و پەرەپێدانی خوێندنی باڵا.
٤٧-رێکخراوی کیکۆ.
٤٨-ڕێکخراوی ماڵی فێرخوازان.
٤٩-فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.
٥٠-ڕێکخراوی شاڕێ.
٥١-ڕێکخراوی سینا.
٥٢-ڕێکخراوی ژیوای.
٥٣-سەنتەری پەرەپێدانی لاوان.
٥٤-ژیار بۆپەروەردە و گەشەپێدانی مرۆی.
٥٥-ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی.
٥٦-کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز.
٥٧-ڕێکخراوی شنروێ ی کاکەیی.
٥٨-ڕێکخراوی هەنار.
٥٩-ڕێکخراوی توانست.
٦٠-رێکخراوی هۆشیاریی ئاگرکوژێنەوە.
٦١-رێکخراوی روناک جاف بۆ گەشەپێدان.
٦٢-ویستگە نیوز.
٦٣-رێکخراوی ئێڤەرێست.

٦٤-ڕێکخراوی گورچیله پارێزی کوردستان.
٦٥-ڕێکخراوی دیدار.
٦٦-لقی هەڵەبجەی ئەنجومەنی مامۆستایانی پێشەنگ
٦٧-ڕێکخراوی زانستی پزیشکی کوردستان بۆ پەرەپێدانی زانستی پزیشکی
٦٨-ڕێکخراوی خوشکانی یەکگرتوی اسلامی کوردستان
٦٩-ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان
٧٠-ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان
٧١-ڕێکخراوی  خوشکانی  ئیسلامی
٧٢-ڕێکخراوی کەلەپووری کولتووری
٧٣-پەیمانگەی مافە نێودەوڵەتیەکان
٧٤-کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز / ناوەندی هەولێر
٧٥-رێکخراوی ژیوەر بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری و ڕۆشنبیری
٧٦-ناوەندی نیشتمانی بۆ مافەکانی مرۆڤ
٧٧-ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی
٧٨-ریکخراوی هیمای رۆشنبیری
٧٩-دەزگای ستاندەر بۆ توێژینەوەو پەرەپێدان
٨٠-ریکخراوی لانەی منالانی کوردستان
٨١-خوشکانی بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی
٨٢- ریکخراوی دیاری بۆ پەروەردەو فێرکردن و ڕۆشنبیری.
٨٣- ڕێکخراوی چەپك بۆگەشەپێدانی مرۆیی
٨٤- ڕێکخراوی ماڵی سەرکەوتن بۆ گەشەپێدانی تواناکان
٨٥- ڕێکخراوی گەشە پێدانی گەنجان وقوتابیان
٨٦- پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن
٨٧-ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردیی (چمک)
٨٨- ڕێکخراوی نوێ
٨٩- ڕێکخراوی خزمەتی جەماوەر _بۆ هاوکاری مرۆیی و گەشەپێدان.
٩٠- رێکخراوی راگەیاندن و روناکبیری ژنان
٩١- یەکێتی ژنانی کوردستان.
٩٢- سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ-DHRD
٩٣-رێکخراوی پەروەردەی سەردەم
٩٤-ئەنجومەنی سەرتاسەریی مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازیی
٩٥-مرۆڤ سەنتەر.
٩٦-تیپی شانۆیی هاورێیانی گەزیزە.
٩٧-رێکخراوی قارەمان شێخ بزێنی بۆ هاوکاری نەخۆشانی شێرپەنجە.
٩٨کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی ناوخۆ
٩٩- رێکخراوی شار بۆ گەشەپێدانی مرۆیی
١٠٠- رێکخراوی جاف بۆ پەروەردە و گەشەپیدانی مرۆیی